# کاتێک شاع

## دەربارەی
## ئەلیکسەندەر پوشکین و
## شارل بۆدلێر

ئیبراهیم ئەلعەریس
شوان ئەحمەد کردویەتی بەکوردی



شتێك نییە هەردوو نوسەری فەرەنسی پاتریك بیسۆن و بێرنارد هزی لیڤی کۆبکاتەوە. هەر لەکارەکتەریانەوە بۆ ئاکاریان، لەپێگەی سیاسیانەوە بۆ پێگەیان وەك دوونوسەر. لەدیدو تێڕوانینیانەوە بۆ دنیا، تابۆچوونیان سەبارەت بە سوبێکت. وەك ئەوەی هەریەکەیان تەواو پێچەوانەی ئەوی دیکەیان بن.

هەرچەندە ئەو دوانە وەك یەك بەشێوەیەکی ئیستیفزازی، مامەڵە لەگەڵ ژیانی کلتوریی فەرەنسیدا دەکەن. بۆنمونە پاتریك بیسۆن کۆ لەوە ناکاتەوە، رەخنەی ئەدەبی لە رۆژنامەی (لیڤیگارۆ)ی راستڕەودا بنوسێت و هاوکات لە رۆژنامەی (ئۆمانیتێ)ش، کە رۆژنامەی پارتی کۆمۆنستی فەرەنسایە، وەك چاودێرێکی سیاسی وتار بڵاوبکاتەوە. شایەنی باسە بیسۆن لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەو پارتە دەدات، بێ ئەوەی ئەندامبێت و لایەنگرانیشی زیاتر دڵگەرمانە پەرۆشی ئەو پارتەیە.

# ـيران دەمرن



لەلایەکی دیکەوە بێرنارد هنری لیڤی بەردەوام باس لە پێشکەوتن و لیبرالیزم و بەگژاچونەوەی رەگەزپەرستی دەکات، کەچی شەرم لەوەش ناکات لایەنگری خۆی بۆ زایۆنیزم و دەوڵەتی ئیسرائیل و دژایەتیکردنی، هەرچی شتێك پەیوەندی بەعەرەبەوە هەیە بەئاشکرا رابگەیەنێت.

ئەم دوو نوسەرە دژو ناکۆك بەیەکە، لەیەککاتدا دوو کتێبیان بڵاوکردۆتەوە. هەردوو کتێبەکەش لەچوارچێوەیەکی رۆمان ئامێزدا، باس لەیەك بابەت دەکەن، کەئەویش (مەرگی شاعیرە). دەست بەجێش هەریەکەیان کاندیدە بۆئەوەی، یەکێك لەخەڵاتە ئەدەبیە سەرەکیەکانی فەرەنسا بۆخۆی بەرێت.

تەنانەت هەریەکەیان خۆیان لەبەردەم ئەوی دیکەیاندا بیینەوە، سەروەختێك بێرنارد بیفۆی خاوەنی بەناوبانگترین بەرنامەی ئەدەبی لەفەرەنسادا، لەبەرنامەیەك

لەبەرنامەکانیدا لەسەر مێزێك کۆیکردنەوەو ئەوانیش ناوبەناو سەیری یەکتریان دەکردو لەهەوڵی ئەوەدابوون شۆخی بەکتری بکەن.

له راستیدا بۆ بەرگریکردن لەنوسین، مشتومڕێکی توندیانکرد. هەرچەندە بەگشتی میدیا زیاتر لایەنگری بێرنارد هنری لیڤی دەکات و دژی پاتریك بیسۆنە، لەبەرئەوەی بیسۆن بەئاشکرا لایەنگیری پارتی کۆمۆنیست دەکات. بیسۆن لەو دیبەیتەدا بەرخوردی کرد و خۆڕاگربوو، هەرچەندە سەرەتا جۆرێك لە ناهەوسەنگی پێوەدیاربوو، بەڵام دواترو بەتێپەڕبوونی کاتی بەرنامەکە، توانی داکۆکی زیاتر لەبابەتی کتێبەکەی بکات. ئەوکاتەی بۆی تەرخانکرابوو بەچاکی قۆستیەوەو تیایدا باسی لەکتێبەکەی و بابەت و کارەکتەرە سەرەکیەکەی کرد، ئەوەشی زۆر لەناخەوە و بەشێوەیەکی ئەبستراکت ئەنجامدا، بەڵام بینەران بە روونی هەستیان دەکرد بێرنارد هنری لیڤی وەك پیشەی هەمیشەیی، هەوڵدەدات بەزمانێکی خود ئەڤینیانە کە لەکەس شاراوەنییە، باسی خۆی بکات.

بۆئەوەی رونتر قسەبکەین، ئەو کتێبەی پاتریك بیسۆن بەردەستی خوێنەرانی خست (یەکێکە لەو رۆماننوسە گەنجانەی لەم ساڵانەی دوایدا، زۆرترین جەماوەری هەیەو خوێنەرێکی زۆری بۆ پەیدابووە)، نیوەی رۆمان ئامێزەو نیوەی بەڵگەنامەییەو باسی مەرگی شاعیری گەورەی روسی ئەلیکساندەر پۆشکین دەکات و بەناوی (پەیکەری سەرکردە)وەیە.

کتێبەکەی بێرنارد هنری لیڤیش دەربارەی شاعیرێکی دیکەیە. کە شارل بۆدلێری فەرەنسییەو باس لە مردنەکەی دەکات، بەناوی (دوای رۆژەکانی شارل بۆدلێر). هەردوو کتێبەکە باس لە بابەتێك دەکەن، کە مەرگی شاعیرەو هەردوو نوسەر سەرکەوتوبوون لە هەڵبژاردەکەیانداو زانیویانە، باس لەچ کارەکتەرێك دەکەن لەکتێبەکەیاندا، کارەکتەری ئەو شاعیرەش چەندێك لە لایەنی دەروونی و فیکری خۆیانەوە نزیکە.

پاتریك بیسۆن عاشقی ئەدەبی روسییەو سەرسامە بەو هەستی قارەمانێتییەی، لەپوشکیندا هەبووە و تا دواساتەکانی ژیانیشی دەستبەرداری نەبووە. لەبەرامبەردا بێرنارد هنری لیڤی کارەکتەرێکە، پڕە لەخود ئەڤینی و خود پەسەندی و تەنانەت هەندێك بە بۆدلێری سەردەمی خۆیی ناوی دەبەن، گەر ئەو کتێبەشی لەبارەی بۆدلێرەوە نەنوسیایە.

لێرەوە سەیرنییە کە بیسۆن پۆشکین هەڵبژێرێ و بێرنارد هنری لیڤیش لەسەر بۆدلێر بنوسێت. ئەڵبەت بەراوردکردنی نێوان ئەو دوانە هەر لێرەدا تەواونابێت. بۆنمونە ئەگەر پاتریك بیسۆن لەڕێی بەسەرهاتی مەرگی پوشکینەوە، رۆمانێکی راستەقینەی پێشکەشکردبێن (دواتر دەگەڕێینەوە سەری)، ئەوا بێرنارد هنری لیڤی تێکستێکی جیاوازتری بەردەست خستوین (دەقێك هەڵگری هەندێ خەسڵەتی). بەڵام دواجار لەورێنەکاریەوە نزیکە، چونکە نوسەرەکەی خۆی لەگەڵ کارەکتەری شارل بۆدلێردا دەکات بەیەك، بەتایبەت لەدوا ساڵی ژیانیدا (واتە لەساتی لەپەلوپۆکەوتنی لەبەلژیکاو چارەکردنی سەرەتایی لە برۆکسل، تامردنی بەساڵێك دوای ئەوە لەنۆڕینگەکەی دکتۆ دوڤاڵ لە پاریس).

هنری لیڤی بەجۆرێك رۆمانەکەی داڕشتووە، لەهەندێ شوێندا بەڕاناوی کەسی دووەم و هەندێ جاریش بەڕاناوی کەسی یەکەم باسی بۆدلێر دەکات. ناوێکی سەیر و گونجاویش بۆ ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێت کە لە سەروەختی خراپبوونی باری تەندروستیدا لەبرۆکسل، بۆدلێری بۆبراوە (شوێنەکەش ناو دەنێت- ئاوێنە گەورەکە-). خوێنەر باخۆی سەرنج بدات کە ئاوێنە، چ بایەخێکی بۆ نوسەرێکی خود ئەڤینی هاوچەرخی وەك بێرنارد هنری لیڤی هەیە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین وڕێنەکانی شارل بۆدلێر لەدوا رۆژەکانی ژیانیدا- لەڕێی نامە گۆڕینەوە و گیانەڵاکانییەوە-، وڕێنەی فەیلەسوفێکی وەك بێرنارد هنری لیڤییە، بەڵام بەدوراییەکی زۆرەوە. لەگەڵ ئەوەداو تەنانەت گەر حەزیشمان بەچارەی هنری لیڤیش نەبێت، بەڵام خوێندنەوەی ئەو تێکستە چێژبەخشەو برێکی زۆری دەقەکەش، لەسەر دەستنوسە تایبەتی و نامەکانی بۆدلێر بونیادنراوە.

ئەو دەستنوس و نامانەی بەدرێژایی سەدەیەکی تەواوەتی، هەڵگیرابوون و کەس دەستییپیان نەدەگەیشت. تا ئەوکاتە کەسێکی نەدیوو، نەناسراوی وەك جیرار (کارەکتەرێکی سەرەکی کتێبەکەی بێرنارد هنری لیڤی)یە، دەستییپیان دەگات و کۆیاندەکاتەوە. ئێمە نازانین ئەم کەسە چۆن دەستی بەوانە گەیشتووەو توانیویەتی، زۆر زیرەکانە سودیان لێ ببینێت.

ئەوساڵەی پاتریك بیسۆن کتێبەکەی تێدابڵاوکردەوە، ڕکابەریەکی توندی ئەریك ئۆرسینای کرد دواجار ئەویش خەڵاتەکەی بردەوە. هەرچەندە لەڕووی میدیاوە ئەو توانایەی بێرنارد هنری لیڤی نییە، تا ڕەواج بۆ کارەکانی پەیدابکات، بەهەرحاڵ ڕۆمانی (پەیکەری سەرکردە)، ڕۆمانێکی ڕاستەقینەیە بەمانای پڕاو پڕی وشەکەو لۆژیکی ڕۆماننوسینی تایبەتی تێدایەو بەسایکۆلۆژیای کارەکتەرەکانی ئاشنایە. قووڵبونەوەی سایکۆلۆژی بەژیانی کارەکتەرەکانیدا هەیە..

بیسۆن وەك هنری لیڤی ڕۆمانەکەی لەدوا ڕوداوەوە دەستپێدەکات (واتە لەمەرگی خودی شاعیرەکەوە)، بەڵام جیاوازیەکەیان لەوەدایە ئەوەی بیسۆن لەدەستنوس و نامەوە دەستپێناکات، بەڵکو لەژیان خۆیەوەو لە ڕوداوەکانەوە دەستپێدەکات. ئەو ڕووداوانەی بەجۆرێك لە جۆرەکان پێی ئاشناین: (ڕوداوی کوژرانی پۆشکین بەشمشێربازی لەگەڵ خانەدانێکی فەرەنسی، بۆ بەرگریکردن لەناوبانگی هاوسەرەکەی کە بۆتە بنێشتەخۆشەی دەمی خەڵك و خوای شارەکەی).

ئەوە چێژ بەخشە لە کتێبەکەی بیسۆندا ئەوەیە، وەك نوسەرێك هەر دڵسۆزە بۆچین و توێژەکەی خۆی (ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاریکاتێریستانەش بێت)، چونکە هەر لە سەرەتای تێکستەکەیەوە دەبینین لەهەوڵی ئەوەدایە، ڕووداوەکانمان لە ڕوانگەی خزمەتکارە تایبەتەکەی ئەلیکساندەر پوشکینەوە بۆ بگێڕێتەوە، کەناوی (نیکیتا)یەو بەو کارەشی، بیسۆن وادەکات هەم خۆی و هەم ئێمەش چێژ لەوەببینین، کە ماجەرای ڕوداوەکان ببینین و لە ڕوانگەی نیکتیاوە هەڵوێستوەرگرین. تەنانەت بەچاوی سۆز و بەزەییەوە لەو ڕق و کینەیەش بڕوانی کە ئەو خزمەتکارە، دەرهەق بە هاوسەرەکەی پوشکین هەیەتی و پێیوایە، هەرچی بەسەر مامۆستاکەیدا هاتووە لەبن سەری ئەوداو ئەو سەبەبکاریەتی.

بەدرێژایی 360 لاپەڕەی ڕۆمانی (پەیکەری سەرکردە)، پاتریك بیسۆن ژیانی ئەلیکساندەر پوشکین بەسەردەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییەوە بەرەو سەرەتا. بە ڕۆژی کوشتنەکەی دەستپێدەکات و پێ بەپێ لەگەڵ گیان دەرچونەکەیدا دەڕوات، پاش ئەوەی لەشمشێربازیەکەدا بریندارەبێت. گوێ بۆقسەکانی شلدەکات و بەوردی دیقەت دەدات، ژورەکان تەی دەکات و بەدوای قسەکاندا دەچێت و هەوڵدەدات لەپاشخانی ڕوداوەکان تێبگات.

**ئەم دوو نوسەرە دژو ناکۆك بەیەکە، لەیەککاتدا دوو کتێبیان بڵاوکردۆتەوە. هەردوو کتێبەکەش لەچوارچێوەیەکی ڕۆمان ئامێزدا، باس لەیەك بابەت دەکەن، کەئەویش (مەرگی شاعیرە). دەست بەجێش هەریەکەیان کاندیدە، بۆئەوەی یەکێك لەخەڵاتە ئەدەبیە سەرەکیەکانی فەرەنسا بۆخۆی بەرێت**



دوای ئەوەی لەتەواوی ئەوشتانە دڵنیادەبێت، دەمانگێڕێتەوە بۆ دواوە تا لەگەڵماندا ئەو هەلومەرج و ڕوداوانە تاوتوێبکات، کە ئەلیکساندەر پوشکینیان کردە گەورەترین شاعیری ڕوسیا، ئەگەرچی ئەو لەتەمەنێکیشدا مرد، کە هێشتا سی و هەشت ساڵی تەواونەکردبوو.

بێگومان پاتریك بیسۆن ژیانی (پوشکین)مان لەدیدی خۆیەوە بۆ دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەکەشی جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو ژیاننامە فەرمییەدا نییە، کە لە بارەیەوە

نوسراون، بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە، ئەو دێت لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەدا باسیدەکات، کە وڵاتێکی وەك روسیا، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێیدا تێدەپەڕی.

هەروەها گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەمان نیشاندەدات، کە چۆن بواری رەخساندووە، تا شاعیرێکی بەهرەمەندی وەك پوشکین زاتی ئەوە بکات، بەگژ قەیسەری روسدا بچێتەوە. لە بەرامبەریشدا وەك شتێکی زۆر ئاسایی، سەیری دورخستنەوەی پوشکین لەلایەن قەیسەرەوە بۆ ئەو پەڕی سنورەکانی باشوری وڵات بکات.

بیسۆن لە کتێبەکەیدا هەموو ئەوانەمان بۆ باسدەکات و بەکارەکتەری ئەو شاعیرە مەزنەش سەرسام دەبێت، کە بەپلەی یەکەم، کارەکتەرێکی بزێو و نالەباربووە. پوشکین دوای ئەوەی نیکۆلای یەکەم لێی خۆشدەبێت و چاوپۆشی لێدەکات لەوەی، پێشتر بەگژ قەیسەر ئەلیکساندەری یەکەمدا چۆتەوەو رێی پێدەدات بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ، بەڵام وەك جاری جاران و بێ ئەوەی شەش ساڵی مانەوەی لەتاراوگە هیچی تێدا گۆڕی بێت، دەستدەداتە نالەباری و زیاد لەجاران لەخۆباییانە رەفتاردەکات. بەشەنگ و شۆخی خۆیەوەو بەپەیوەندییە زۆرەکانی لەگەڵ ژناندا دەنازێت، هەروەها بەشیعرەکانیشیەوە کەبووبووە ویردی سەرزمانی خوێنەران. ئەمانە ئەوەندەی تر لوت بەرزیان کردبوو، بەوەش بەرپەرچی ئەو رەخنەگرانەی دەدایەوە، کە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان لێوەرگرتبوو.

شەوانە بە بەردەوامی، لە مەیخانەو ماڵی لەشفرۆشاندا رۆژی دەکردەوەو دۆست و هاورێیانێکی زۆریشی لەدەوربوو. ئەوانە دەیانپەرست و کردبویانە ئایکۆنەیەك بۆ خۆیان، بەڵام وەك نیکتیا کۆزۆلۆفی خزمەتکارە تایبەتیەکەی لەو کتێبەدا بۆمانی باسدەکات، هەموو ئەوشتانە لەچرکەساتێکی سەرەڕۆیانەدا کۆتایدێت. بەتایبەت کەدەبێتە هاوسەری خاتوو ناتالیا نیکۆلایفنا. ناتالیا سەرەڕای جوانیە بێ حەد و حیسابەکەی و سەرباری ئەوەی هەمووکەسێکی ئەوق کردبوو، نەیتوانی ئەو خزمەتکارە (کە بیسۆن کردویەتییە کلیلی رۆمانەکەی)، والێبکات خۆشی بوێت.

ئاخر چۆن چۆنی خۆشی بویستایە، لەکاتێکدا هەر ئەوەندە بیبینیایە داوای لێدەکرد، وریابێت و پێی لەو توتکە سەگانە نەکەوێت، کە بەهەرجێیەکی خانووە پانوپۆڕەکەیدا بڕۆشتایە بەشوێنیەوەبوون.

لە کتێبەکەی بیسۆندا، پوشکینی مرۆڤ کارەکتەری سەرەکییە (جا بە ئەقڵدا دەچێت غەیری ئەوە شتێکی دی کارەکتەری سەرەکی بێت؟)، بەڵام پوشکینی مرۆڤێك، کە کۆ لەهیچ ناکاتەوەو سەرەڕۆیی دەکات و لە رسکی بەردەوامدایە. ئەم مرۆڤە لەزۆربەی زۆری لاپەڕەکانی ئەو رۆمانەدا، قارەمانێتی بۆ پوشکینی شاعیر جێدێڵێت. ئەو شاعیرەی بلێسەیەکی ناوەکی کارەکانی پێدەکات و بیسۆن نهێنییەکەیی بۆ هەڵنایەت. ئێمەش وەك خوێنەرانی، لەو نهێنیە تێناگەین و سەری لێدەرناکەین.

ئێمە بەدرێژایی بەش بە بەشی کتێبەکە، سەرنج لە رووداوەکان دەدەین، فەزایەکی تێکچژراوی ئەو سەردەمەی روسیا ئەزموون دەکەین، ژیانی کلتوری و خانەدانەکانی ئەو وڵاتە دەبینین، بەر قەیسەرو ئەفسەرو خانمە جوانەکان، گۆگۆڵ و رۆحە مردووەکانی دەکەوین و روبارەکان دەبڕین و کۆشك و بەفرو کۆچە وەهمیەکان بۆ ئیسپانیا دەبینین و تەنانەت، خەون و نائومێدیەکانیش لەگەڵ نیکتیای خزمەتکاردا بەشدەکەین. کەچی بەوانەشەوە هێشتا هەر لەتواناماندا نییە، بەناخی پوشکیندا رۆبچین و دەستمان بە رۆحی بگات.

وەك ئەوەی بیسۆن هاوڕابێت لەگەڵ ئەوانەی، هەمیشە دوپاتیدەکەنەوە کە قورسترین و گیرترین تەلیسمی بوون، رۆحی شاعیرە. لێرەوە پێدەچێت بیسۆن لەوپەڕی راستگۆیدابێت لەگەڵ خۆیدا، کاتێك بەردەوام و بەسامێکی زۆرەوە، لەبەردەم ئاستانەی رۆحی پوشکیندا دەوەستێت و پرکێشی ناکات. ئەوەش تەواو پێچەوانەی ئەوەیە، کە بێرنارد هنری لیڤی دەیکات و لەهەموو لاپەڕەیەکی کتێبەکەیدا پێیوایە، پەی بەرۆحی بۆدلێر بردووەو دەستی بەقوڵاییەکانی ناخی گەیشتووە.

بەڵام راستیەکەی ئەوەیە، ئەویش هەر لەبەردەم دەروازەکانی رۆحی بۆدلێردا ماوەتەوەو لەوەزیاتر نەچۆتە پێش، لەنێوان مەرگی شاعیر و رۆحیدا لێی تێك چووەو تێکەڵ بەیەکتری کردوون، چونکە ئەوەی بێرنارد هنری لیڤی زانیویەتی دەستی بۆ بەرێت و داخڵی بێت، مەرگی شاعیر بووە نەك رۆحی. ئەوەش هەمان ئەو شتەیە کە بیسۆن لەگەڵ پوشکیندا کردویەتی.